ئیسلامی بەعەلمانیکراو

ئیسلامی بەعەلمانیکراو وتوێژ لەگەڵ ئۆلیڤەر ڕوا

لەئینگلیزییەوە: عەزیز ڕەئوف

لە ساڵی (٢٠٠٢)دوای چەندین ساڵ کارکردن لە بواری ئیسلامی سیاسیدا، ئۆلیڤەرروا لێکۆڵەری گەورەی فەرەنسی کتێبێکی نایابی بەناونیشانی ئیسلامی بەعەلمانیکراو (Secularized Islam)بڵاوکردەوە، کە تێڕوانینێکی تەواو جیاوازە لە بواری ئیسلامی سیاسیدا.

بەگوێرەی تەفسیری ئۆلیڤەرروا، پرۆژەکانی ئیسلامی هەنووکەیی بەشێوەیەکی بەرچاو دابڕاوە لە هەرێمێکی دیاریکراو و بەشێکە لە دەرئەنجامی شکستی بنیادنانی دەوڵەتی ئیسلامی. ئەمە بەو مانایە دێت کە ئارەزوویەك هەیە بۆ زیاتر و زیاتر هەنگاونان بەرەو بەئیسلاکردنی تاکەکان لە سیاقێکی گلۆباڵ و ئۆممەیەکی لەکەلتورخراو. بەتێڕوانینی ئۆلیڤەرروا، ئەو بزوتنەوانە لە فۆرمی ڕادیکاڵ و سیاسیدا خۆیان دەردەخەن. ئیسلام لەو ستایەلانە نییە وەك ئەوەی لە ئاینەکانی تردا بوونی هەیە ، خۆی لەبەردەم بەتاکگەرایدا ببینێتەوە. ئیسلام هەمیشە پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵ کەلتورێکی دیاریکراودا نەبووە، بەڵگەش بۆ ئەوە گەشەکردن و بوونی ژمارەیەکی زۆری موسوڵمانە لە خۆرئاوا کە پێناسەی خۆیان وەك ئیسلام دەکەن، بەڵام هەرگیزیش پێناسەی خۆیان وەك موسوڵمانی وڵاتەکەی خۆیان ناکەن، ن نمونەی ئیسلامبوونی دایك و باوانیان.

لەم چاوپێکەوتنەدا تیشکدەخاتە سەر ئەمانە و هەوڵ دەدات لە تەفسیرەکانی خۆی ئاگادارمان بکاتەوە.

***لە کتێبەکەتاندا "ئیسلامی بەعەلمانیکراو" تۆ دەڵێیت سێکولاریزم لە کاتێکدا بوونی هەیە و گەشە دەکات کەهاوشان ئایین خۆی نوێدەکاتەوە. دەتوانی بۆمانی ڕوونبکەیتەوە کە ئەم دوو ستایڵە جیاوازە چۆن دەتوانن هاوشانی یەکتر کۆ ببنەوە و لەگەڵ یەکتریدا هەڵبکەن؟**

*فۆرمی نوێی ئایینداری بەشێوەیەکی فراوان جیاوازە لە کۆمەڵگە و کەلتورە تەقلیدیەکان بەجۆرێك کە جیاوازە لە کۆمەڵگە موسوڵمانەکان و بەتەواوی شێوازێکی نوێیە لە ئایینداری و جیاواز لەو وڵاتە موسوڵمانانەی کە لەسەر بنەمای

زاراوەگەلی " ئێوە و ئێمە" دابەشکراون. ئەوان وا خۆیان دەبینن کە دووبارە لەدایکبوونەتەوە و دەیانەوێت هێلێکی ڕوون لەنێوان کارەکتەری خۆرئاوا و ئەوانەی لە پشتی ئەوانەوەن بکێشن، بەو مانایەی کە باوەڕدارە ڕاستەقینەکان وەک کەمینەیەک خۆیان لە لەو کۆمەڵگانەدا دەبینەوە کە بەعەلمانیکراون. کاتێک ئەو کۆمەڵگانە دەیانەوێت بەتەنها ئۆرگەنایزەی خۆیان بکەن لە بواری ئایینیدا، ئەوا بەشێوەیەکی فراوان دادەبڕێن لە مەسەلە کۆمەڵایەتیەکان و تەنانەت مەسەلە سیاسییەکانیش: ئەوە کۆمەکمان دەکات بۆئەوەی ببینین کە هەردوو سەلەفیزمی سەردەم لە ئیسلامدا و زۆرێک لەو بزوتنەوانەی هەڵگری ئینجیلن لە کریستیاندا، هەرگیز گرنگی بە مەسەلە کۆمەڵایەتیەکان نادەن (بەجیاواز لە بزوتنەوە ئیسلامیەکانی وەک ئیخوان لە ساڵی (١٩٤٠ بۆ ١٩٥٠) و حیزبۆلا لە لوبنان، یان بزوتنەوە مەسیحیە " سیۆلۆجیە لیبرالەکان" لە ساڵی (١٩٦٠)دەکاندا. کاتێک ئەوان سەرگەرمی سیاسەت دەبن، ئەوا گرنگی بە مەسەلە یاساییەکان دەدەن(لەباربردن، هاوسەرگیریکردن، شەریعە و زیناکردن... هتد).

ئیسلامیستەکان کار لەسەر دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامی دەکەن و فەندامێنتالیزمە نوێیەکانیش کار لەسەر پاککردنەوەی ڕۆحی موسوڵمانەکان دەکەن و وەک تاک مامەڵە دەکەن، ئەمەش بە مەسەلەگەلێکی سیاسی بەشێوەیەکی جیهانی. ئەوان دەیانەوێت بەشێوەیەکی ئێونەتەوەیی سیاسەت بکەن، یان تەنانەت بەشێوەی بنەڕەتی لەڕێی ئینتەرنێتەوە مەوڵی دروستکردنی ئوممە دەدەن.

***ئیسلام لە ئێستادا لە فەزای ئایینی وڵاتانی خۆرئاوادا بوونێکی جێگیری هەیە. تۆ لەوبروایەدای کە ئیسلامێکی بەعەلمانێکی کراو کۆمەکی سەرهەڵدانی ئیسلامی ئەمریکی، ئیسلامی ئەوروپی یان هەر جۆرێکی تر دەدات؟**

*من لەو بروایەدا نیم کە شتێک ببێت بەناوی ئیسلامی ئەمریکی، یان ئەوروپی، بەڵکو ئیسلامێکی جیهانی هەیە کە لەهەر وڵاتێک، یان کەلتورێکی دیاریکراودا، دەگونجێت بوونی هەبێت، لەبەرئەوەی ئەو ئیسلامە ئایین بنیاد دەنێتەوە، نەک لە کەلتوردا، بەڵکو بە زاراوەگەلێک کە دەتوانن لە ژینگە جیاوازەکاندا خۆیان بگونجێنن: بۆنمونە زاراوەی حەلاڵ، کە لە خواردندا بنەمایەکی دیاریکراوی نییە، بەڵکو دەتوانرێت بەتەندروستی بکرێت، لەوانە خواردنی خێرا.

ئیسلامی جیهانی، ئیسلامێکی لەکەلتورخراوە. لە هەندێک پایەدا دەتوانرێت بە ئیسلامی خۆرئاوایی ناوزەد بکرێت، نەک لە ڕوئیایەکدا کە ببێت بە زیاد لە لیبرال، بەڵکو بەشێوەیەکی فراوان ئەوان پشت بە تاکەکان دەبەستن، کە بەشێوەیەکی خۆبەخش پەیوەندی بە باوەڕدارەکانی کۆمەڵگەوە دەکەن. زاراوەی زیاد لەپێویست (religiosity)لە ڕاڵ زاراوەگەلی (دووبارە لەدایکبوون، جەختکردنەوە لە ڕزگاربوون، باوەڕی کۆمەڵگە، بەها ئەخلاقییەکان، دژە ڕۆشنگەری، واقیعی تاکەکەسی) زاراوەگەلی تەواو مۆدێرنن و لە زۆرێک لە زاراوە کریستیانەکان دەچن لە بزوتنەوەی هەستی ئاینیدا (revivalism)، بەڵام گرنگی بە ڕیفۆرمکردنی سیۆلۆجی نادەن. بۆنمونە سەرکەوتنی سەلەفیزم لەنێو نەوەی دووەمی موسوڵمانان لە خۆرئاوا، لەبەرئەوەی پەها دەبەخشێ بە لەکەلتورخستن و لەڕیشە هەڵکێشان بە ڕەتکردنەوەی ناسنامەی ئیسلاڵم بە کەلتوری پوختی دایکان و باوانیان، ئەمەش ڕێگەیان دەدات کە بەخۆرئاوایی بکرێن، تەنانەت گەر بەهۆی ڕەتکردنەوەشەوە ببێت.

لە پلەیەکی تایبەتدا، ئەو دەرئەنجامە پراکتیکیانە کامانەن، کە حکومەتە خۆرئاواییەکان بەشێوەیەکی گونجاو دەبێت بیگرنەبەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئیسلام؟

*حکومەتەکانی خۆرئاوا پێویستە پشتیوانی لەم پرۆسەی بەخۆرئاوایکردن بکەن، بێئەوەی پێویست بکات هەوڵی ئیسلامیەکی لیبرال، مۆدێرن، یان سیڤیڵ بدەن. ئەوان پێویستە خۆ لە هەر هەوڵێک بۆ بنیادنانەوەی ئاین بپارێزن، بەڵکو دەبێت هەوڵی تێکەڵکردنی ئاینی ئیسلام بدەن بە دروستکردنی ڕوومەتێک بۆ ئیسلام و لەگەڵ ئاینەکانی تردا، بەشێوەیەکی یەکسان مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. لەڕاستیدا ڕێکخستنەوەی ئیسلام، پێویست ناکات بلکێندرێت بە مەسەلەی کۆچپێکردن و فرەکەلتورگەراییەوە. ئیسلام پێویستە تەنها وەک ئاینێک مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، نەک وەک ئەو دەربڕینەی کە ئیسلام وەک گرووپەلێکی کەمینەی ڕەگەزی دەبینێت.

لە کتێبەکەتدا زیاد لەجارێک باس لە ڕۆڵی ئینتەرنێت کراوە، لەو چاپتەرەی کە سەرباسی کتێبەکەیە. ئینتەرنێت بەڕوونی وا دەبینرێت کە یارمەتیدەرە بۆ ئەو گەشەکردنانەی کە تۆ ڕافەیان دەکەیت؟

***ئینتەرنێت ئامێرێکی پێڕفێکتە بۆ خوڵقاندنی فەزایەک بۆ نزیککردنەوەی باوەڕدارانی کۆمەڵگە و دژ بە دەرگاداخستنی کەلتور، یان دەوڵەتێکی دیاریکراو. سایتەکان ئیدی عەرەبی، بن یاخود**

ئینگلیزی، لینکەکانی دەربڕینی بیریارانی سەردەم لەخۆ دەگرێت (زۆرێك لەوان سەلەفیەکانن)، بەڵام هەرکەسێك ئازادە لەوەی چی دەخوێنێتەوە، یاخود ئارەزووی کۆتەیشنی کێدەکات، یان بەمانایەکی تر دواکەوتەی چ بیروباوەرێك دەبێت.

زیاد لەوەش، ئینتەرنێت رێگە بە تاك دەدات بەیەکسانی قسە لەگەڵ ئەویتردا بکات. لە ئینتەرنێتدا مەعریفەیەکی یەکبەدوایەکی هەرەمی بوونی نییە، هەروەها ئینتەرنێت رێگەخۆشکەرە بۆ کردنەوەی پەنجەرەیەك بۆ دامەزراوەکان: بۆ نمونە، هەندێك لە وێبسایتەکان فەتوا ئامادە دەکەن، بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت، بەڵام لە پێناسەکەیدا ئەگەری جێبەجێنەکردنی فەتواکەش لەئارادایە، لە ئینتەرنێتدا مارکێتێکی خۆڕایی ئاین هەیە، کە تێیدا کەسێك توانای مارکێتی هەیە بۆ چەندین بەرهەمی جیاواز، لە فەتواوە بۆ بەرنامەی خواردن دروستکردن، یان ئامۆژگاری هاوسەرگیری، ئەمەش لە ڕوومی تەنها کەسێکدا.

دەقە ئەسڵیەکەی کتێبەکەت بە زمانی فەرەنسی دوو ساڵ پێش ئیستا بڵاوکرایەوە. هێشتا کتێبەکەت بە ئینگلیزی وەرنەگێردرابوو، چەندین ڕاپۆرتی لەسەر نوسرا، لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا چ گۆڕانێکت هەست پێکرد؟ ئایا گمشەکردنەکان بۆچوونەکانی سەرەتای تۆیان نەگۆڕی، یاخود هەندێ لە بۆچوونەکانت هەست ناکەیت پێویستیتی بە تەفسیری زیاترە ؟

*چالاکیە تیرۆرستیەکانی ئەم دواییە، سەلماندی کە من چیموت لەبارەی لەهەرێمخستن و بەخۆرئاواییکردنی ئیسلامیە ڕادیکالەکان، بەڵام من ڕونکردنەوەی زیاترم خستە سەر کتێبەکەم، ئەمەش لەپێناوی وروژاندنی باسگەلی تر.

هەروەها من سەبارەت بە ئیسلام لە ئەمریکاش قسەی خۆم هەیە، کە لەوێ موسوڵمانان لەگەڵ موسوڵمانانی ئەوروپا، هەمان باکگراوندی کۆمەڵایەتیان نیە، بەراوردێکم کردوە لەنێوان فەندامێنتالیزمی ئیسلامی و فۆرمە جیاوازەکانی فەندامێنتالیزمی مەسیحی، بێگومان فاکتەری نوێ ئەوەیە، کە چوونی ئەمریکا بۆ عیراق، ئەوەی نیشاندا کە شکستی پەیوەندی نێوان قەیرانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بەجیهانیبوونی ئیسلام لەلایەن فاکتەرەکانی سیاسەتی خۆرئاوا پشتیوانی نەکرا، ئێستاش وا دەردەکەوێت کە ڕەگ و ڕیشەی ئیسلامیە ڕادیکالەکان، سەرچاوەکەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بێت، بەڵام ئەی لە عیراق چی دەگوزەرێت کە وا ڕادەگەیەنرێت ئیسلام فاکتەرێکی سەرەکی نییە لە سیاسەت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا: ئیسلامیست و سێکولاریستەکان شەڕی یەکتر ناکەن، بەڵکو پەیوەندیکردنی هێزەکان لە هاوپەیمانیەکدا دەبینرێت کە مەبەستی سەرەکی ئارەزوویەکی ناسیۆنالستیانە هەیە، ئەمەش لە کەرتی غەزەوە بۆ فەلوجە لە عیراق. لەلایەکی ترەوە، ئەلقاعیدە، بزوتنەوەیەکی سوپەرناشنالە (supra-national)کە یەکەم ئامانجیان ئەمریکایە، نەك ڕژێمە موسوڵمانە لۆکاڵییەکان.

هەروەها من بەراوردێکی گشتگیرم کردووە لەنێوان فۆرمە جیاوازەکانی بزوتنەوەی هەستی ئاینی.

سەرچاوە گۆڤاری
Religioscope (8) Nov (2004)